**ڕاسپاردەی لیژنەی دەستپاکی لەگەڵ لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان**

**یەکەم** : لیژنەی دانوستانکاری کورد لەگەڵ بەغدا داوای لە17٪ ڕاستەقینەی بودجەی عێراق بکات .

**دووەم** : وەزارەتی پێشمەرگە ئاگادارییەك بڵاو بكات كە ئەو كەس و لایەنانەی دوای ڕووداوەکانی 2014/6/9 لە سەربازگەکانی عێراق چەك و پێداویستی جەنگیان دەست کەوتووە وەك (سەیارەی هەمەڕ، چەکی قورس ، تۆپ و دۆشکە و هاوەن و بیکەیسی )....هتد بگەڕێننەوە وەزارەتی پێشمەرگە یاداشبکرێن بەپێچەوانەوە دەست بەسەر چەك و پێداویستیە سەربازییەکان بگیردرێت .

**سێیەم** : لەسێ میحوەر لە ناوەندی هێزەکانی پێشمەرگە دروست کردنی خواردن بدرێت بە تەندەر یان کۆمپانیای شارەزا لەجیاتی ئەوەی پارە بدرێت بە لیواکان .

**چوارەم** : پێداچونەوە بە لیستی موچەی پێشمەرگە وە بڕینی موچەی خانە نشینکراو وە ئەو پێشمەرگانەی دەوام ناکەن ، دابەشکردنی موچەی پێشمەرگە بەسەر پەرشتی دیوانی چاودێری دارایی بێت .

**پێنجەم** : بۆ باشکردنی بژێوی ژیانی پێشمەرگە بەشێوەیەکی کاتی و خێرا بۆ پێنج مانگی (12،11،10،9،8) سالی 2014 هیچ پێشمەرگەیەك لە (700) هەزار دینار کەمتر وەرنەگرێت بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار .

**شەشەم** : پێویستە دەزگایەکی تایبەت لەسەر ئاستی هەرێم سەرپەرشتی وەرگرتن و کۆکردنەوە و دابەشکردنی سەرجەم کۆمەکە ناوەخۆیی و دەرەکیەکان بکات بەسەر ئاوارەکاندا .

حەفتەم : پشکێك لە بودجەی پەرەپێدان پارێگاکانی عێراق کە بۆ موصڵ و کرکوك تەرخانکراوە داوابکرێت لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئاوارەکانی پارێزگای موصڵ و کرکوك تەرخان بکرێت .

لەگەڵ ڕێزماندا ....

عمر کۆچەر
سەررۆکی لیژنەی دەستپاکی

عزت صابر
سەرۆکی لیژنەی دارایی و
کاروباری ئابوری و وەبەرهێنان